# دۆزەخم سارد و هەناسەم پێچەوانەی ئاو

حەمەشوان شەریف
2004 03 21
سوید

لەژێر چلێکی خەیاڵاوی شکاودا
ئاونگەکانی بەیانیانم ڕەش و
گوڵەکانی هەناسەشم
وەک ئەستێرەیەکی بێـــئومێد و درەختێکی سەربڕاو
گیــان دەدا .!
ئاخم ئەرخەوانی دەوەراند و
پێـکەنینم لقی سەرسوڕمانی دەشکاند .!.
تێــناگەم !
بۆ بیرت لێدەکەمەوە و دەمەوێ
دەست بۆ دوو هەوری سنگی موسیبەتت بەرم
کەدەزانم لەچۆگەلەکانی برینێکدا دەمـنێژیت و
لەناو قەفەزی هەتاوێکدا بەزیندوی دەمسوتێـنی .،.
ئای ،،،،،هەر فێرنەبووم ، نەگەڕێمە وە
ناو چـنارۆکەکانی ئەوین و لە بزربوونم هەراسان نەدەبووم
وەک فانۆسێکی ژەنگرتووی گوندێک تـا مەغریب دانەدەگیرسام .
هەرکاتێ ڕۆحم لەقامگەکانی پێکەنینێکت هەڵبسووایە
نیگایەکم پڕ دەبوو لە خوێن
سێبەرێکم دەشکا
قسەیەکم لە گیرفانی یادێکدا کاڵدەبویەوە و
برینی ژوانێکم دەکولایەوە و
ڕاسپاردەیەکم نەدەگەیشتە زرێبار
لە گۆلاوەکانی سیرواندا دەمرد .
1-) مەترسە بــیــڵـێرەوە
گەر ئەمجارەش منت خۆشــئەوێ !؟.

وەرە و
ئەو سنورە شوشەیـیە بشکێنە
لەیەکترمان دوردەخاتەوە و
لەمردنمان نزیک دەکاتەوە
کە نایەڵێ بەریەک کەوین بـــا ئەم جارەش هەر لەتۆوەبێ درکاندن :؟!:.)
2 –( ئەم گرەوە مــەکە لەگەل من مەملەکەتت نەڕمێ
من پێچەوانەی ئـــاوم ئاو ،
تـفەکەت ڕۆمــەکە سەرڕومەتی زەوی
تفەکەت
وشکدەبێتەوە و من هەر نەگەیشتووم
کە چەڵدەبم و نەموتووە :!.
ئەمجارەیان ئەبێ تۆ بێت و سۆزی لەتکرام چاکەیتەوە
دەست بخەیتەسەر برینی نەزیفم و
سێبەرەکانی گریانم کۆکەیتەوە
بـێـیتـوو پاشماوەی لاپەڕەکانم درێژە پێـبەیت
سڵاوێکم بۆبخەیتە خەڵوەتەوە
دڵم بخەیتە ناو ئینجانەیەکی لێبوردن و بەماچ ئاوی بەیت .،!.
یان :بێ قسە کردن ئەم ئەوینە هەڵدەگرین
وەک بەیانێکی سیاسی قەدەغەکراو لەچاڵی دەنێین تا دەپروێت )،.
- من پیرم کردوی ! .
- بەڵێ : ئـــا

پـــیـــرتکردم

شتـێـکـت وەک خۆیی بۆنەهێڵاومەتەوە ؛!.
تـــۆ بـــبینە ، چۆن دەبـــینم
ڕەنگ - ترس
دڵ - تارک
هیوا – شەل

ماچ – بۆنی سێوێکی گەنیوو
سۆراخ – مردنێکی لەسەرخۆ
ئەوین – سەرسوڕمــان و گومانێکی ساری .
بەهار – دەست وخەتێکی ناشیرین کەبۆم ناخوێنرێتەوە
هاوین – دڵی هەژار
پایز - *شەبــاب ە شێت
زستان : دڵی ساویلکــە .)

- شەباب : ئەو مرۆڤە بەڕێزە بوو بەهۆی بینینێک و باری دەرونیوە پێی دەوترا شێت .